خەبات
**KHABAT**
Daily Newspaper *Kurdistan - Iraq*
*Organ of KDP*
*Wed,Feb,8. 2012 No: (3990)*
Concessioner: **Ali Abdulla**
Editor-in-chief: **Nazhad Aziz Surme**
**http://www.xebat.net** **E-mail:info@xebat.net**

# لە یادی لە دایکبوونی پێشەوای مرۆڤایەتی.. پێشانگایەکی خۆشنووسی لە قوشتەپە کرایەوە

**فاتح بەرزنجی:** لەناحیەی قوشتەپە پێشانگایەکی خۆشنووسی بەبۆنەی یادی لەدایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام محەمەد (د.خ) کرایەوە. ناوەندی وەرزش و لاوانی قوشتەپە پێشانگایەکی بەناوی (محەمەد) درودی خوای لەسەربێت دەستی پێکرد پاشان هادی مزوری بەرپرسی ناوەندی وەرزش و لاوانی قوشتەپە وتارێکی پێشکەش کرد، ئاماژەی بەوەکرد کە مامۆستایانی ئایینی جێنشینی پێغەمبەرن بۆیە دەبێت زۆر بە ئەمانەتەوە ئەم ئەرکە پیرۆزە بەڕێوە ببەن و گەنج و لاوان بەشێوازێک پەروەردە بکەن کە هەستی نەتەوایەتی و ئایینی خۆیان لەدەست نەدەن دواتر بەئامێری داتاشۆ وێنەی کەلوپەلی پێغەمبەرمان درودی خوای لەسەر بێت نمایشکرا دواتر خەڵات بەسەر مامۆستایانی سنوری ناحیەی قوشتەپە و دەوروبەری دابەشکرا. لەکۆتاییدا مامۆستا مەلا سدیق وتاربێژی مزگەوتی قوشتەپە لەوتارێکی دا ئاماژەی بە کورتەیەک لە ژیانی پێغەمبەرمان (د.خ)دا کرد.


فۆتۆ: ئەیوب ئاژگەیی

## پێشانگایەک، لەچل و دووەمین ساڵیادی دامەزراندنی لقی هەولێری یەکێتیی نووسەرانی کورد دا

**خەبات:** لەیادەوەری چل و دووەمین ساڵەی دامەزراندنیدا، لقی هەولێری یەکێتیی نووسەرانی کورد، کەدەکاتە ڕۆژی نووسەری کورد، لەکاتژمێر چواری سەرلەئێوارەی ڕۆژی پێنجشەمە لەبارەگای خۆی و لەهۆڵی شەهید مەهدی خۆشناو پێشانگایەکی وێنەی فۆتۆگرافی لەئەرشیفی وێنە دێرینە کۆنەکان دەکاتەوە، کەسەرجەمیان لەئەندامانی لقەکە وەرگیراون و هەریەکەو وەکو ئەرشیفێکی تایبەتی خۆی لەلای خۆی پاراستوویەتی و وەکو عەبدولڕەحمان فەرهادی سەرۆکی لقەکەش بە(خەبات)ی ڕاگەیاند، ئەوان وێنەکانیان گەورە کردووە و بەشێوەیەکی شایستەش لەو ڕۆژەدا نمایش دەکرێن.

لەبارەی ڕێزلێنانی نووسەرانیشەوە فەرهادی گوتی: لەلایەک زۆربەی هەرە زۆری ئەندامەکانمان لەساڵانی ڕابوردوودا ڕێزیان لێنراوە و ماوەی دوو ساڵیشە حکوومەت ئەوهاوکارییەی لێبڕیوین، بۆیە ناتوانین لەم ساڵەدا پرۆسەی ڕێزلێنان ئەنجام بدەین. ئەم پێشانگایەش شایستەی ئەوەیە هەموو نووسەران ببیبنن، چونکە وێنەکان گوزارشت لەڕۆژی دامەزراندنییەوە دەکات و وێنەی دەیان ئەدیبی کۆچکردوویشی لەخۆی گرتووە.

## دیوان

**من لەترووسکەی زەردەپەڕ ئەچم**
**بۆیە تەمی ئاخ ئەنێمە سەردەم**
**من لەباڵداری ژێر خەنجەر ئەچم**
**بۆیە شیوەنی مەرگی خۆم ئەکەم**

**لەتیف هەڵمەت**

## فیلمی فۆکس لە شانەدەر

بڕیارە کاتژمێر 5ی ئێوارەی ڕۆژی 2012/2/17 شانیدەر ئارت ئێکسپۆ فیلمی فۆکس لە دەرهێنانی هونەرمەند ڕێکان ئەحمەد لە هۆڵی نیاندرتاڵی لەنێو پرکی شانەدەر نمایش بکرێت. پێشتریش شانیدەر، چەند بەرهەمێکی دیکەی فیلمی کوردی و بیانی نمایش کردووە و لە چەندین فیستیڤاڵدا بەشدارییان هەبووە.

## پرۆفایل

## یادەوەری کەسایەتییە ناسراوەکان

پڕخوێنەرترین ئەدەبیاتی ئەمڕۆکەی جیهانی، لەپاڵ ڕۆمان و نۆڤلێت، یادەوەری کەسایەتییە ناسراوە بەهێزەکانن، کەئەمەی دواینیان بۆتە مودەو زۆرینەی سەرۆکی وڵاتەکان و هونەرمەندو وەزیرە پڕ ئەرزشەکان و وەرزشوانە بەتواناکان و ئەدیبە پایە بەرزکان و زۆرانی دیکەش دەگەڕێتەوە، بەنەخوێندەوارەکانیشیان کەلەگەڵ ڕۆژنامەنووسێکی بەتوانا ڕێکدەکەون و بەتۆماری دەنگی یادەوەرییەکانیان بۆ دەگێڕنەوەو ئەوانیش بەزوبانێکی سەردەمیانە بۆیان دەنووسنەوە و لەدوو توێی کتێبدا چاپیان دەکەن! بەجۆرێک کەزۆرترین خوێنەریان دەبێت و داهاتێکی خەیاڵیشیان دەست دەکەون و هەر بۆنموونە، کلینتۆنی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا یادەوەرییەکانی خۆی بەشەش ملیۆن دۆلار فرۆشتەوە، بەڵام گۆندالیزا ڕایزی وەزیری دەرەوەی هەمان وڵات، هەمان جۆرە یادەوەری خۆی بەهەشت ملیۆن دۆلار فرۆشتەوە، بەبێ ئەوەی خۆیان قەڵەم بخەنە سەر کاغەز، قسەکردنی لێبترازێ:

لەنێو گەلی ئێمەشدا، خەریکە ئەمجۆرە مۆدەیە دروست دەبێ، بەڵام جیاوازی ئێمە و ئەوان، لەوەدایە: کە کەسایەتییەکانی ئەوان خودی خۆیان لەبیر نییە و تەنها و تەنها، قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراو وەکوخۆی دەگێڕنەوە، کە ئەوان تیایدا شایەد حاڵ بووینە، بەڵام ئەوانەی خۆمان، تەنها باسی قارەمانێتی و سوارچاکی خۆیان دەکەن و بەهیچ جۆرێکیش باسی هەڵەو نوشوست و کەموکوڕییەکانی خۆیان ناکەن و جیاوازییەکەش لێرەدایە کەیادەوەرییەکانی ئەوان دەبنە دیکۆمێنت و بەڵگەی مێژوویی و ئەوانەی خۆشمان دەبنە پیاهەڵدانی خودی خۆمان وهیچ کەسێکیش چێژ لەخوێندنەوەیان وەرناگرێ!

هەربۆیە، یادەوەرییەکانی ئەوان بەملیۆنان دانەیان لێ دەفرۆشرێ و ئەوانەی خۆشمان لەکتێبخانەکاندا، تۆزو غوباریان لەسەر دەنیشێ! خۆزگە بۆ ئەو ڕۆژەی وەکو ئەوان بیر لەنەتەوەکەی خۆمان دەکەینەوە، نەک لەخۆمان!!!!!

**مەسعوود پەرێشان**

## لە لاپەڕە (1)ـەوە

## NATO: تا کۆتایی 2014 لەگەڵ هێزەکانی ئەفغانستان بەردەوام دەبین

**ئاژانسەکان:** هاوپەیمانی باکووری ئەتلەنتیک (ناتۆ) دووپاتیکردەوە، کە هێزەکانیان تا کۆتایی ساڵی 2014 شان بە شانی هێزەکانی ئەفغانستان لە کردە سەربازییەکان بەردەوام دەبن. دۆمینیک میدلی گوتەبێژ بەناوی ناتۆ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە کابول ڕایگەیاند: هێزەکانیان لە ئێستاوە تا کۆتاییهاتنی ماوەی ڕادەستکردنەوەی بەرپرسیاریەتی ئەمنی، لە کۆتایی ساڵی 2014 دا بە هاوبەشی لەگەڵ هێزەکانی ئەفغانستان لە کردە سەربازییەکان لەو وڵاتەدا

بۆ ل13

## میری کوێت، شێخ جابر موبارەک سوباحی بۆ پۆستی سەرۆکی حکوومەتی داهاتوو دیاریکرد

**ئاژانسەکان:** میری کوێت، شێخ جابر موبارەک سوباحی بۆ پۆستی سەرۆکی حکوومەتی داهاتووی وڵات دیاریکرد. ئاژانسی کۆنای کوێتی بڵاویکردەوە، کە میری وڵات، شێخ جابر موبارەک سوباحی سەرۆکی حکوومەتی پێشووی بۆ سەرۆکایەتیکردنی حکوومەتی داهاتووی وڵات دیاریکردۆتەوە و ڕایسپاردووە بۆ ئەوەی کابینەی نوێ پێکبهێنێت، ئەمەش دوای ئەوەی ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو پاش ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، ناوبراو دەستی لە پۆستەکەی کێشایەوە. جێی باسە، دوای دەرچوونی ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوێت، پارتە ئیسلامییەکان سەرکەوتنیان بەدەستهێنا و توانیان لە کۆی 50 کورسی پەرلەمان 34 کورسی بەدەست بهێنن، پێشبینیش دەکرێ حکوومەتی

بۆ ل13

## گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران: توندکردنی سزا ئابوورییەکانی سەر ئێران هەنگاوێکی دوژمنکارانەیە

**ئاژانسەکان:** ڕامین مهمانپەرست گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: زیادکردنی سزا ئابوورییەکانی ئەمەریکا لەسەر وڵاتەکەیان، هەنگاوێکی دوژمنکارانەیە و جەنگێکی دەروونییە. دووپاتیشیکردەوە، ئەو سزایانە هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر ئێران نییە و سەپاندنی ئەو سزایانەش ماوەی زیاتر لە 30 ساڵە لەسەر وڵاتەکەمان بەردەوامیی هەیە و نوێ نین و هیچ جۆرە کاریگەرییەکیشیان لەسەر ئاڕاستەکانی پڕۆگرامی ئەتۆمی ئێران نابێت. شایانی باسە، ئەم هەڵوێستەی ئێران دوای ئەوە دێت کە باراک ئۆباما سەرۆکی ئەمەریکا فەرمانێکی سەرۆکایەتیی وڵاتەکەی

بۆ ل13